# بڕوائەکەیت، کوردستان لە ئەوروپا لە پێشترە !

سەردار عەبدوللاّ
sardar@telia.com

بەپێی هەواڵێکی وەکالەتی ئەنبای بایەعەکانی کوردستان، ڕۆژنامەخوێنێکی مۆزەنبیقی بەدەم خەوەوە لە کوردستان دەگیرسێتەوە، ئەو بەڕێزە بە هۆی کولارەکەیەوە لە بەندەری بەکرەجۆ نیشتەوە و لە لایەن بەرپرسانی دەرەجەیەکەوە بەخێرهاتنی گەرمی لێکرا و بۆ نان و خوانێکی چەور میوانداری کرا، ئەوەی شایانی باسە بەڕێزی لە ئاستی گەشەکردنی وڵات حەپەسابوو، وای زانیبوو کە کولارەکەی بۆ ئەوروپای برددووە،بەلاّم کاتێک زانی خەڵکی بەکوردی ئەدوێن؛ ئەوسا زانی کە کەوتۆتە کوردستانەوە. پاشان ئەو دۆستە لە مێژینەییەی گەلی کورد بە فرسەتی زانی کە بەراوردێکی کوردستان و ئەوروپا بکات و بگاتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1 لە کوردستان، سەرۆک لە جێی نەبووانە و مووچەکەی کەم و ئاشکرایە ، بەلاّم لە ئەوروپا، سەرۆک کولفی کولە و کەس نازانێت موچەکەی چەندە!

2 لە کوردستان، ئەوەی پێی بلێن فەسادی ئیداری وجودی نییە، بەلاّم دەستەلاّتداران لە ئەوروپا فولکە و جاددەکانیشیان لەسەرخۆیان تاپۆکردووە!

3 خەڵکی کوردستان هەموو کوردی ئەزانن، بەلاّم خەڵکی ئەوروپا هیچیان کوردی نازانن!

4 لە کوردستان، دەبێت چاوت سپی بێت لە خوێندنا ئینجا دەبیتە پۆلیس،بەلاّم لە ئەوروپا بە عەریزەیەک!

5 لە کوردستان، هەموو کێشەیەک بە راپرسی حل و فەسڵ ئەکرێت، کەچی عەیب و شوورەیی لە ئەوروپا راپرسی قەدەغەیە!

6 لە کوردستان، بیمەی بێکاری و سوسیال هەیە، کەچی لەو ئەوروپا کاولبووە هیچیان نییە!

7 لە کوردستان، بۆ تەعینات تەنیا شەهادەکەت بەسە، لە ئەوروپا دەبێت تەسکیەی مەڵبەند و لقی بۆ بێنیت!

8 لە کوردستان، حکومەتەکان هەمیشە پرس و ڕا بەخەڵکی ئەکەن، کەچی ولاّتانی ئەورووپی هەمیشە پرس بە دەوڵەتە نەیارەکانیان دەکەن!

9 لە کوردستان، سەرژمێری مەرجەعە، بەلاّم لە ئەوروپا بایەعەکان!

11 لە کوردستان، مناڵ و ژنان مافەکانیان پارێزراوە، بەلاّم لە ئەوروپا مناڵان لەسەر جاددەکانن و ژنانیش ژێردەستەی پیاوان!

12 لە کوردستان، دیین لە دەوڵەت جیایە، بەلاّم ئەوروپا گیری خواردووە بەدەست مەلا و وەزارەتی ئەوقافەوە!

13 لەکوردستان، جاددەکان بە تەواوی بەهرەمەندە لە ترافیک لایت، خەتی جاددە، علاماتی مرووری ، بەڵام لە ئەوروپا خەت نابینی بە جاددەوە و بە پرسیار شوێن دەدۆزیتەوە!

14 ... لە بڵاوکراوەی کاریکاتێری